سەرۆك وەزیران رێنمایی پێكهێنانی لیژنەیەك دەكات بۆ دابین كردنی كۆلوپێلی قوتابخانەكان



ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆكی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شاع سودانی، ڕێنمایی پێكهێنانی لیژنەیەكی كرد بۆ دەستنیشانكردنی كارگە و كۆمپانیاكان بۆ دروستكردنی قوتابخانەكان.

وتەبێژی تیمی راگەیاندنی حكومی حەیدەر مەجید، لە بەیاننامەیەكدا ڕایگەیاند: بۆ پشتبەستن بە بەیاری لیژنەی باڵای بیناسازی قوتابخانەكان، سەرۆكی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شاع سودانی ڕێنمایی پێكهێنانی لیژنەیەكی كرد بۆ دەستنیشانكردنی ئەو تاقیگانە و كۆمپانیا حكومی و ئەهلییانەی كە دەتوانن كۆلوپێلی قوتابخانەكانی سەر بە پێڕەوی بینای قوتابخانە نمونەییەكان دابین بكەن، كە ژمارەیان هەزار قوتابخانەیە.